**لینا سالار**

**ڕاهێنەری زوومبا و ئایۆبیک و لەشجوانی:**

# خەونی گەورەم ئەوەیە ببمە ئەستێرەیەکی دیار و خزمەتی وەرزش بکەم

**ماوەیەکە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان یارییەکانی (لەشجوانی و زوومبا و ئایۆبیك) بوونەتە یەکێك لەو یارییانەی کە خانمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووی تێ دەکەن، بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیاکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشێکی ڕێك، ئەم یارییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە و ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران ڕوو لە وەرزشەکە دەکەن، شاری سلێمانیش یەکێکە لەو شارانەی کە خانمان زیاتر ڕوو لە وەرزشی زوومبا و ئایۆبیك دەکەن. لینا سالار لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی سلێمانییە و یەکێکە لەو کچە یاریزانانەی کە هەم ڕاهێنەرە و هەمیش یاریزانە، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گوڵان بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی



*** هاتنت بۆ ناو ئەم وەرزشە چۆن بوو؟**

-سەرەتای دەستپێکردنم بە وەرزشی لەشجوانی دەگەڕێتەوە بۆ براکەم، کە هەمیشە خەریکی ئەم وەرزشە بوو، دواتر هۆڵێکی لەشجوانی کردەوەو منیش بەردەوام مەشقم تێدا دەکرد، تا ئەو کاتەی گەیشتمە ئاستێك، بووم بە ڕاهێنەری ئەم وەرزشە.

*** ئایا ئەم وەرزشە بۆ خانمان تا ڕادەیەك قورس نییە؟**

- دەتوانم بڵێم وەرزشێکی چێژبەخشە، نەك قورس.

*** دوو وەرزش لە یەك کاتدا دەکەی، هەڵگرتنی قورسایی و لەشجوانی، لەکامەیاندا زیاتر سەرکەوتووی؟**

- لە قورساییدا لە پاڵەوانێتی کوردستان ئەنجامی باشم بەدەستهێناوە، بەڵام خۆم زیاتر لە یارییەکانی زوومبا و ئایۆبیك سەرکەوتووم.

***پێشوازیکردنی ئافرەتان لەم یارییە لە چ ئاستێکدایە؟**

-بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا ئەم یارییە لەلای خانمان بەگشتی لە هەموو شارەکانی کوردستان پێشوازییەکی زۆری لێ دەکرێت.

***ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-خۆشبەختانە لە کوردستان ئەم یارییە لە ئاستێکی بەرزدایە و بەردەوام لە بەرەوپێشچووندایە.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

-پێویستە ئەم یارییە زیاتر بەرەوپێش ببرێت و زیاتر هاوکاریی خانمان بکرێت و پێویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت.

***بەرنامەت بۆ داهاتووت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

-وەکو ڕاهێنەرێك بەرنامەم ئەوەیە لەم وەرزشە بەردەوام بم و گرنگیی زیاتر بە خۆراك و جەستەم بدەم، خزمەتی زیاتریش بەم وەرزشە بکەم.

***بەنیازی لە چەند پاڵەوانێتییەکدا بەشداری بکەی، چاوت لە چییە؟**

-بەنیازی ئەوەم بەشداری لەچەند پاڵەوانییەکدا بکەم و چاوم لە سەرکەوتنە.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- بەداخەوە لای هەندێك کەس تێڕوانینی هەڵە هەیە، گرفتێکی بەرچاو لێرەدا ئەوەیە کە یاریی لەشجوانی و قورسایی تێکەڵ بە یەك دەکەن.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی گەورەم ئەوەیە لە داهاتوو ببمە ئەستێرەی دیار و سەرکەوتووی ئەم یارییە.

***وەکو ڕاهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان لە شارەکەتان دروست بکەی؟**

-زۆر بە خۆشحاڵییەوە هەوڵدەدەم تیپێکی کچانی چالاك لە سلێمانی دروست بکەم.

*** بۆ ئەم وەرزشە کێ هاوکاریت دەکات؟**

- زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم بەگشتی، برایەکەم بەتایبەتی کە هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەرێکی گەورەم بووە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-داوا لە خێزانەکان دەکەم ڕێگە بە کچەکانیان بدەن بۆ هاتنە نێو وەرزش و دەرخستنی تواناکانیان، پێویستە ئەوەش بزانن کە خانمانیش دەتوانن ئەنجامی باشیان هەبێت، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ پشتگیریکردنی وەرزشکاران.



# یوفا وەڵامی ئەرژەنتین دەداتەوە

دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە، کە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین دەیەوێت لە پاڵەوانێتییەکانی کیشوەری ئەمریکای باشوور بکشێتەوە و پەیوەندی بە ئەورووپا بکات، لەمبارەیەوە یوفا هاتە دەنگ و بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و بیرۆکەی قبوڵکردنی ئەرژەنتین ڕەتدەکاتەوە.

دوای ماڵئاواییکردنی ئەرژەنتین لە کۆپا ئەمریکا، لیۆنێل مێسی و یاریزانانی ئەرژەنتین رەخنەیەکی توندیان لە یەکێتی تۆپی پێی کیشوەری ئەمریکای باشوور گرت و بە گەندەڵ و لایەنگیری بەرازیل تۆمەتباریان کردن، ئەمەش هەڵبژاردەی ئەرژەنتین ناچار کردووە، کە بیر لە کشانەوەیان لە کۆپا ئەمریکا بکاتەوە و بەشداریی پاڵەوانێتییەکانی ئەورووپا بکەن.

دوای بڵاوکردنەوەی ئەم دەنگۆیانە، یوفا بە فەرمی لەسەر ماڵپەری خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە هیچ داواکارییەکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەرژەنتین بەدەست ئێمە نەگەیشتووە، کە گوایە داوایان لە یوفا کرد بێت ڕێگەیان پێبدەن لە داهاتوو لەگەڵ کیشوەری ئەورووپا بەشداریی لە پاڵەوانێتییەکان بکەن.

یوفا لە بەیاننامەکەدا نووسیویانە: ئەگەر هەڵبژاردەی ئەرژەنتین داواکارییەکی لەمجۆرەش لە ئێمە بکات ڕەتی دەکەینەوە، چونکە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ کیشوەری ئەمریکای باشوور هەیە و نامانەوێت تێکەڵی کێشە و ناکۆکییەکانیان بین، بۆیە وەك یوفا ئامادەین میوانداریی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بکەین بۆ پاڵەوانێتییەکان، وەك میواندار و سەیرکردنی یارییەکان نەك بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکان.





## لە کۆپا ئەمەریکا رێگری لە دووبارەبوونەوەی رووداوی یاری کۆتایی چامپیۆنس لیگ کرا

کینسی ڤۆلانسکی ئەو خانمەی لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا هەرای نایەوە کاتێك بە جلوبەرگی نیمچە ڕووت هاتە نێو یاریگە، خۆی ئامادە کرد بوو لە یاری کۆتایی کۆپا ئەمریکا لە یاریگەی ماراکانا هەمان سیناریۆ دووبارە بکاتەوە، بەڵام دەستگیر کرا.

کینسی ڤۆلانسکی، خانمە نمایشکاری ئۆکرانی لە لێدوانێکدا، کە لە ماڵپەری سەنی بەریتانی بڵاوبۆتەوە ئاشکرای دەکات، کە هاوشانی کوڕە هاوڕێیەکەی گەشتی بەرازیلیان کرد بوو بە مەبەستی لە یاری کۆتایی لە نێوان بەرازیل و پیرۆ بچێتە نێو یاریگەی ماراکانا، بەڵام زوو لە لایەن پۆلیس دەستگیر دەکرێن و دەخرێنە نێو بەندیخانە.

کینسی ڤۆلانسکی تەمەن ٢٢ساڵ لە مانگی رابردوو لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە نێوان لیڤەرپوول و تۆتنهام بەشێوازێکی نیمچەڕووت هاتە نێو یاریگەی مێترۆپۆلیتانۆ لە مەدرید و میدیاکانی جیهانی هەژاند.



## زێدان دەستبەرداری کوڕەکەی بوو

بە فەرمی یانەی ریال مەدرید بە شێوەی خواستن دەستبەرداری یەکێك لە گۆڵپارێزەکانی بوو.

یانە ریال مەدرید لە ماڵپەری فەرمی خۆی بڵاویکردووە، بە شێوەی خواستن و بۆ ماوەی ساڵێک دەستبەرداری لوکا زیدان گۆڵپارێزی یانەکە و کوڕی زەینەدین زیدان بوون بۆ یانەی رایسینگ سانتاندێر

پێشتر دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە گۆڵپارێزەکە لە ریزەکانی ریال مەدرید دەمێنێتەوە و بەهۆی دەستبەردابوونی یانەکە لە کەیلۆر ناڤاس، لوکا دەبێت گۆڵپارێزی دووەمی یانەکە.

لوکا لە ساڵی ٢٠١٦ لە تیپی دووەمی ریال مەدرید بۆ تیپی یەکەم سەرخراوە و لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا تەنیا دوو یاری لەگەڵ ریال ئەنجامداوە.

## دۆرتمۆند ئەستێریەکی ئەمریکی گواستەوە

بروسیا دۆرتمۆند ئەستێرەیەکی گەنجی تری ئەمریکی گواستەوە، کە تەمەنی ١٦ ساڵە کوڕی کاپتنی پێشووتری ئەمریکایە.

یانەی بروسیا دۆرتموندی ئەڵمانی واژۆکردنی گرێبەستی لەگەڵ جیۆڤانی رێینا، کوڕی کلاودیۆ ڕێینای کاپتنی پێشووتری هەڵبژاردەی ئەمریکا راگەیاند.



جیۆڤانی رێینا بۆ تیپی خوار ١٩ ساڵانی دۆرتمۆند گرێبەستی لەگەڵ کراوە و دووریش نییە لە ناوەڕاستی خولی وەرزی ئەمساڵدا لە تیپی یەکەم یاری بکات.

یانەی بۆروسیا دۆرتمۆند بەوە ناسراوە، کە بەردەوام بەهرەدارەکانی تۆپی پێ دەدۆزێتەوە زۆرجار تەمەنی ئەو یاریزانانەی دیانگوازێتەوە لە ژێر تەمەنی ڕێپێدراوە، بۆ یەکلاییکردنەوەی گرێبەستەکەش لەگەڵ رێینا، دۆرتمۆند چاوەڕوانی ڕێپێدانی فیفا دەکات.

رێینا لە شاری دورهامی بەریتانیا لە دایکبووە، هەڵگری رەگەزنامەی پورتوگالییە و کاپتنی هەڵبژاردەی ئەمریکایە بۆ خوار تەمەن ١٩ ساڵان، لە یانەی نیویۆرك ئێف سی ئەمریکا دەستی بە یاریکردن کرد، لە کۆی ٢١ یاری ٤٠ گۆڵی تۆمار کردووە.

جیۆڤانی رێینا کوڕی کلاودیۆ ڕێینای کاپتنی پێشووتری هەڵبژاردەی ئەمریکایە، کە لە مۆندیالەکانی ١٩٩٤، ١٩٩٨، ٢٠٠٢ سەرکردایەتی هەڵبژاردەکەی کردووە و لە خولی ئینگلیزی و ئەڵمانیش یاری بۆ یانەکانی مانچستەر سیتی و لیڤەرکوزن کردووە.



# کچانی سیروانی نوێ چاویان لە نازناوە

تیپی تۆپی فوتساڵی کچانی یانەی سیروانی نوێ دوای سەرکەوتنیان بۆ یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان، لە ئێستادا یانەکە ئامادەکارییەکانی چڕکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامی شایستە لەم یارییانە بەدەست بهێنێت و بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولەکەش هەنگاو دەنێت. کچانی سیروانی نوێ ئەمساڵ بە شێوازێکی تۆکمە خۆیان ئامادەکردبوو، بۆ ئەوەی بتوانن ئامانجەکەیان بپێکن لە یارییەکان، لە چوار گۆشەی زێڕینیش هەریەك لە کچانی (سیروانی نوێ، ئافرۆدێت، چۆمان، زێرەڤانی) کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکە دەکەن، لەم بارەشەوە عەباس فەرەج ڕاهێنەری تیپی کچانی سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر لە سەرەتاوە کە چوومە ئەو یانەیە بەڵێنی ئەوەم پێدان کە تیپەکە بگەیەنمە چوارگۆشەی زێڕین، توانیومانە ئەو ئامانجەش بپێکین کە گەیشتنمان بوو بە چوارگۆشەی زێڕین لە نێوان ئەو تیپانەی کە بەشداربوون، بە یەکەمی کۆمەڵەکەش توانیمان سەرکەوین، ئێستاش ئامادەکاریی باشمان کردووە، هەرچەندە ئەو قۆناخە زۆر سەختە، لە گرووپەکەی خۆشمان سەرجەم یانەکان ئاستی باشیان هەبوو و ڕکابەرییان دەکرد، ئێمەش توانیومانە سەرکەوین، ئەمساڵ لە هەردوو خول یاریی بەهێزمان کردووە، لە چوارگۆشەی زێڕینیش چاومان لەوەیە کە بتوانین بە هەمان ریتم یاری بکەین و نازناوی فوتساڵی کوردستان لە ئاستی کچان بهێنینەوە شاری سلێمانی، کە پارساڵیش لەگەڵ ئافرەتانی هەولێر بەدەستمان هێنا، لە ئێستاشەوە کارمان بۆ ئەوە کردووە کە ئەوە نازناوە لە سلێمانی بێت، لەگەڵ کچەیاریزانەکانم بەڵێنی ئەنجامی گەورەمان داوە، بۆ ئەوەی بتوانین ناوی خۆمان و شارەکەمان بەرز بکەینەوە، یانەکەشمان تیپێکی ئاسان نابێ و دەستەی کارگێڕی و هاندەرانیش پاڵپشتیی خۆیان بۆ ئێمە دووپات کردۆتەوە.»

# ئارام ساڵح ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی دەکات



ئارام ساڵحی زۆرانبازی سەربەستی جیهانیی کوردستان و شاری هەولێر کە لە ماوەی ڕابردوو لە چەندین پاڵەوانێتیی جیهانی لەسەر ئاستی جیهان بەشداری کردووە و ئەنجامی گەورەی بەدەستهێناوە، لە ئێستادا ئامادەکاری دەکات کە لە ماوەی داهاتوو لە هەریەك لە وڵاتانی مالیزیا و هیند و تایلەند بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی زۆرانبازیی سەربەست بکات، لەم بارەشەوە ئارام ساڵح ناسراو بە ئارامێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەردەوام لە ئامادەکاریدام بۆ ئەوەی بتوانم بەشداریی زۆرترین پاڵەوانێتییە جیهانییەکان بکەم، هەرچەندە لە هەریەك لە وڵاتانی مالیزیا و هیند و تایلەند چەند پاڵەوانێتیەك هەیە، بەڵام کاتی دەستپێکی پاڵەوانێتییەکان دیاری نەکراون، لەئێستاشدا ئەکادیمیاکان لە وڵاتانی دەرەوە بەهۆی کەمدەرامەتییانەوە چالاکییەکانیان کەم کردۆتەوە، بەرنامەی ئەوەشم هەیە کە پاڵەوانێتی (ئەنتەر ناشنال ریستل ستارحەوت) لە کوردستان نمایش بکەم، ئەگەر هاوکاریی باشم هەبێت، دەتوانم ئەو بەرنامەیە لە کوردستان جێبەجێ بکەم، دەتوانم یەك زۆرانبازیی گەورەی جیهانی لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان بهێنمە کوردستان، دەتوانم شتێکی جوان بکەم لەسەر ئاستی ئەم یارییە جیهانییە و ناوی هەولێر و کوردستانیش بە ئاڵای کوردستانەوە بەرز بکەینەوە، دەمەوێت لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە ئەو بیرۆکەیەم بە بەرپرسانی وەرزشی ئاشنا بێت، خۆیشم پەیوەندییان پێوە دەکەم، هەرکات وەڵامی ئەرێنیمان وەرگرت، کار بۆ ئەنجامدانی دەکەین.»

# پاڵەوانێتی تۆپی سەرزەوی (نایابی) کوردستان ئەنجام دەدرێت

یەکێتیی ناوەندی تۆپی سەرزەویی کوردستان وەکو بەرنامەی ساڵانەی بە ئامانجی زیاتر گرنگیدان بە تواناکانی یاریزانان و بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان، بڕیاریانداوە لەم مانگە یارییەکانی پاڵەوانێتیی تۆپی سەرزەوی بە بەشداریی چەندین یانەی شارەکانی کوردستان لە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەببات، لەم بارەشەوە ئاسۆ عادل سکرتێری یەکێتیی ناوەندی تۆپی سەرزەویی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆمان بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە تواناکانی یاریزانان و خزمەتکردنی زیاتری ئەم یارییە، بە فەرمی لە یەکێتیی ناوەندی تۆپی سەرزەویی کوردستان نووسراومان بۆ لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان کردووە، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر سەرفکردنی بڕی ئەو پارەیەی کە داوامان کردووە، بۆ ئەنجامدانی پاڵەوانێتی تۆپی سەرزەویی یانەکانی کوردستان، کە وابڕیارە لەم مانگەدا یارییەکانی لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێت»، لە بارەی بەشداریی یانەکانیش گوتی: «هەریەك لە یانەکانی (سلێمانی، پێشمەرگەی سلێمانی، هەڵەبجە، کەیوان، باباگوڕگوڕ، گازی باکوور، مەخموور، ئاکرێ، پێشمەرگەی هەولێر، قەڵای تورکمانی، پێنجوێن، نیشتمان، جیهان، دهۆك، ڕواندز، زێرەڤانی، ئاکرێ) بڕیارە بەشداریی کێبڕکێیەکانی سەر ئاستی کوڕان بکەن، ئەم خولە بۆ ئاستی یانە نایابەکانی کوردستانە و زۆربەی یانەکانی شارەکانی کوردستان بەشداریی تێدا دەکەن.» گوتیشی: «بە هیوای ئەوەین پاڵەوانێتییەکی بەهێز بێت و یانەکانی کوردستان لە سەر ئاستی تیپ و یاریزان کێبڕکێی ئەنجامی شایستە بکەن، تاکو ئێستاش بۆ بەڕێوەچوونی کات و ساتی خولەکە هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە، تەنیا چاوەڕوانی لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستانین، بۆ دەستپێکردنی وادەی بەڕێوەچوونی خولەکەش هەموو ئامادەکارییەکی پێویستمان کردووە.»

